**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر**

**کۆلێژی ئاداب**

# کەرەستەی بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەشە بە (بەشی شوێنەوار) زانکۆی سەلاحەدین کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی شوێنەوار.

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**اسماعیل محسین فەقێ**

بەسەرپەرشتی:

**د. کاروان صدیق بکر**

**نیسانی ٢٠٢٤**

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپشتیار**

ئەم توێژینەوەی دەرچوونە بەناونیشانی((کەرەستەی بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق)) لەژێر سەرپشتاری من ئامادەکراوە و نووسراوە لەبەشی شوێنەوار- کولێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەپسپۆری لەزانستی شوێنەوار، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیە ئێستا.

**واژوو:**

**ناو: د.کاروان صدیق بکر**

**بەروار: ٢٠٢٤/٤/٧**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُۥ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ﴾ (السجدة: ٧)

صدق الله العظيم

**پێشکەشه به:**

- به صلاح الدين ئەيوبی باپیرمان که ڕێبازکەی زانکۆی صلاح الدينـه.
- بـه خانەوادەکەم که یارمەتیـدەر و هاندەرێکی باشم بوون له چرای خوێندن.
- تەواوی بـەشی شوێنەوار دکتۆر و مامۆستا و هاوپۆلەکانـم.
- بەو کەسانیه بەڕاستی لەگەڵم بوون و به وشـەیەکیش بوو بێت و یارمـەتان داوم.
- بـه هەموو ئەو کەسانەی که هەڵگری مەژخەڵی زانست و زانیاریـن.
- بەو کەسانەی دڵخۆش بوون پێمـان و خۆشیان ویستین.

.

## سوپاس و پێزانین:

- یەکەم جار و کۆتا جار و هەموو جارێکیش سپاس بۆ الله، اللهم لک الحمد عمد کثیرا طیبا موباک فیە.
- زۆر سپاسی سەرپەرشتیاری عەزیز و خۆشەویستم بەڕێز (د.کاروان صدیق بکر) دەکەم کە بە جوانترین شێوە و قورسترین شێوە فێری ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە و شارەزانی کردم لە چۆنیەتی نوسین و گەڕان بەدووای سەرچاوەکانم دا و هانیدام بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی و هەموو جارێک وشەی ( بخوێنەوەی) دووبارە دەکردەوە لەکاتی چاوپێکەوتن و نامەکاندا وە لە کۆتایدا بە جوانترین و باشترین شێوە خۆمم دیتەوە لە کۆتای توێژینەوەکەم دا بەسەرکەوتووی تەواوم کرد الحمدلله.
- زۆر سپاسی سەرۆک بەش(د. عەزیز زێباری) دەکەم کە وەکوو باوکێک بۆ گشت قوتابیانی شوێنەوار وابوو وە زۆر سپاسی گشت دکتۆرەکان و مامۆستا خۆشەویستەکانم دەکەم بۆ هەموو شتێک کە بە ماندوو بوونیان لە پێناو ئێمەدا لە فێربوونیی زانست و زانیاریەکاندا بەجوانترین شێوە گەیاندیان بە ئێمە.
- سپاسی گشت هاوپۆلەکانم دەکەم کە ئەم چوار ساڵە پێکەوە بە خۆشی و ناخۆشیەکان تێپەڕ بووین و گەیشتینە قۆناغێکی تری وێسگە لە خوێندن و ژیاندا.
- سوپاسی مامۆستایانی بەشی شوێنەوار دەکەین کە لە ماوەی هەر چوار ساڵی خوێندن هەرچی پێویست بووە لەزانست و زانیاری پێشکەشیان کردووە.

## ناوەڕۆک


| ناونیشانی بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە بە | I |
| سوپاس و پێزانین | II |
| ناوەڕۆک | III |
| پێشەکی | 1 |
| گرنگی توێژینەوە | 1-2 |
| ئامانجی توێژینەوە | 2 |
| گرفتی توێژینەوە | 2-3 |
| میتۆدی توێژینەوە | 3 |
| پلانی توێژینەوە | 3 |
| **بەشی یەکەم: چاخی بەردینی نوێ ( ١٠,٠٠٠ -٤٩,٠٠٠ پ.ز ) لە کوردستان** | 4-7 |
| تەوەری یەکەم: گرنگترین شوێنە شوێنەواریەکانی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق | 10-8 |
| تەوەری دووەم: ژیان و ژیار لەسەردەمی چاخی بەردینی نوێ | 17-11 |
| **بەشی دووەم:** | 18 |
| تەوەری یەکەم: کەرەستە بیناسازی ئەندامیەکان | 23-18 |
| تەوەری دووەم: کەرەستە نا ئەندامیەکان | 29-24 |
| **بەشی سێیەم:** | 30 |
| تەوەری یەکەم: کەرەستەکانی بیناسازی و کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی بیناسازی | 30-32 |
| تەوەری دووەم: کاریگەری جوگرافیا و کەش وهەوا لەسەر تەکنیکی بیناسازی | 33-35 |
| دەرئەنجام | 36 |
| سەرچاوەکان | 37-38 |

# پێشەکی

وەکو دەزانین میزۆپۆتامیا وە بەتایبەتی کوردستان و بەگشتی ناوچەکانی دوو ڕووبار شوێنی نیشتەجێبوون و سەرهەڵدانی کشتوکاڵ بووە لەلایەن مرۆڤی کۆنەوە وە ئەو ناوچانە دەوڵەمەندبوون بە چەندین کەل و پەل و پاشماوەی شوێنەواری گرنگ وە چەندین شوێنەواری بیناسازی و تەلارسازی گرنگی وەک قەڵا و کۆشک و پەرزگا و خان و خانوو کە لە میزۆپۆتامیا و وڵاتی دوو ڕووبار کە ئێستا پاشماوەکانیان بەجێ ماوە بەشێکی زۆری دۆزراوەتەوە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە وە پارێزگاریان لێ دەکرێت بە بنیادنانەوەو نۆژەندکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری ناوچەی بە وێنە گرتن یان بنیادنانەوەی ئەو شوێنە شوێنەواریانە کە سەلمێنەری ڕەمزی نەتەوەکانن لە ناوچەکە، ئـەم توێژینەوەیە لەسەر لایەنی بیناسازیە کە بە ناونیشانی(کەرەستەی بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ لە کوردستان) ئەنجام دراوە وە ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە سێ بەشی سەرەکی کە هەر بەشێک لە دوو تەوەرێکدێت و هەر تەوەرێکیش لە سێ بۆ چوار خاڵ پێک دێت، ئێمە هەوڵمان داوە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسی چاخی بەردیی نوێ لە کوردسانی عێراق بکەین و پێناسەی چاخی بەردینی نوێ بکەین بە کورتی وە بەشی دووەم تایبەتە بە کەرەستەی بیناسازی ئۆرگانیەکان تەواری یەکەم کەرەستەی بیناسازی ئەندامی وەک دار و عاج و ئێسک و پێستە....هتد وە تەوەری دووەم کەرەستەی بیناسازی نا ئەندامی وەک بەرد و گڵ و خشت....هتد وە بەشی سێیەم تەوەری یەکەم تایبەتە بە کەرەستەکانی بیناسازی و کاریگەرییان لە سەر پێشکەوتنی بیناسازی وە تەوەری دووەمیش کاریگەری جوگرافیا و کەش وهەوا لەسەر تەکنیکی بیناسازی، وە بیناسازی بابەتێکی فراوانی هەیە لە کوردستانی عێڕاق چونکە لانکەی سەرهەڵدانی چەندین شارستانیەتە.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە تایبەتە بە بابەتێکی فراوان لە بواری بیناسازیدا وە ناونیشانەکەش بریتیە لە (کەرەستەی بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێڕاق ) بێگومان میزۆژۆتامیا و بەگشتی کوردستان بەتایبەتی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەڕووی کشتوکاڵ وە شوێنێکی لەبارە بۆ نیشتەجێبوون هەروەهاا کەشوو هەواکەشی زۆر گونجاوە بۆکشتوکاڵ وە کوردستان لانکەی زۆربەی شارستانەیتە کۆنەکان بووە و چەندین شوێنی شوێنەواری وەک گوند و شاری زۆر گرنگی تێدا بووە بەهۆی گونجانی ناوچەکە لەگەڵ سرووشتی دەور و بەری هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە بووەتە هۆی دروست بوونی چەندین

کەرەستەی بیناسازی بۆ دروست کردنی خانووە قوڕینەکان چونکە میزۆپۆتامیا دەوڵەمەندە بە کەرەستەی جۆراو جۆری بیناسازی وەک قوڕ و دار و بەرد و خشت و گەچ .....هتد ئەمەش گرنگی و بایەغی ئەم توێژینەوەیە لە بواری کەرەستەی بیناسازی زیاترر کردووە بۆ فراوانکردن و گەشەکردنی زانستی کەرەستەکانی بیناسازی .

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لە ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە زیاترر ئاشنای و شارەزای پەیدا بکرێت لە زانستی کەرەستەکانی بیناسازی چونکە میزۆپۆتامیا و بەگشتی کوردستان خاکێکی بەپیت و فەرە بۆ کشتووکاڵ و نیشتەجێبوون و دەوڵەمەندە بە چەندین مادە و چەندین کەرەستەی بیناسازی وە انکەی سەرهەڵدانی شارستەنیەتەکان بووە هەر ئەمەش بووە هۆی ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی کەرەستەی بیناسازی لەبەر گرینگی و بایەغی ئەم کەرەستانە لە میزۆپۆتامیادا چوونکە میزۆپۆتامیا ناوچەیەکی فرە ئاینی بووە وە چەندین پەرزگا و قەڵا و زەقورەی و منارە و شورا و خانووی تێدا بنیاتنراوە وە زیاترر ئاشنایەتی و شارەزای لەگەڵ کەرەستەکاندا دروست بکەین و دەتوانرێت بە ئاسانی کەرەستەکانی بیناسازی بایەغ پێ بدرێت بۆ درووستکردنی خانوو یان بینا یان پەرزگا و زەقورەکان کە گرنگی و بایەغی زۆری هەیە لە میزۆپۆتامیدا بەگشتی کوردستان .

## گرفتی توێژینەوە:

بێ گومان هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بێ کێشە و هەڵە وکەم و کوڕی و ناتەواویەک نابێت وە توێژەر توشی چەندین گیر و گرفت دەبێە لەکاتی ئەنجام دانی توێژینەوە بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی چەندین گیر و گرفت بووینەتەوە کە دیارترینیان دەست نەکەوتنی سەرچاوەیە لەسەر کەرەستەکانی بیناسازی بە تایبەت لە چاخی بەردینی نوێ وە زۆری سەرچاوەکان لەبارەی بیناسازی هەیە بەڵا چونکە بابەتی بیناسازی بابەتێکی فراوانە بەگشتی وە کەمی کەرەستە لەو فترەیەدا وە نەبوونی کاتی پێوویست بۆ تەرخانکردن بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە وە بەهۆی ناساخی توێژەریش گرفتێکی ترر بووە هەروەها لەکاتی ئەم توێژینەوەیەدا چەندین جار توشی هەڵەی تەکنیکی نوسین بووینەتەوە کەچەند جارێک ڕەش بووەتەوە ، هەروەها بەهۆی شارەزای کەم لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا وە دوواتر کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیاریەکان لە چوارچێووەی پلانی توێژینەوەکدا کارێکی سەخت بووە . وە بەهۆی عەز و خولیام لە بەشی شوێنەوار بابەتی بیناسازی بۆ زیاترر

شارەزا بوون و فێربوون و به ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا توانیم ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم الحمدلله

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی فراوانی بیناسازیە وە پشت بە داتا و زانیاریەکان و شلۆڤەکردن و بەراوردکاری دەبەستێت لەسەر کەرەستەکانی بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ لە پێناو دەست کەوتنی زانیاری ڕوون و پووخت لەسەر کەرەستەکانی بیناسازی و شێوازی کەرەستەکانی بیناسازی لەسەردەمی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق.

## پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جیا لە پێشەکی سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت هەر بەشێکیش دوو تەوەرە وە هەر تەوەرێکیش چەند خاڵێک لەخۆ دەگرێت هەروەها لەگەڵ دەرئەنجام و سەرچاوەکان.

**بەشی یەکەم:**

تەوەری یەکەم: گرنگترین شوێنە شوێنەواریەکانی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق.

تەوەری دووەم: ژیان و ژیار لەسەردەمی چاخی بەردینی نوێ.

**بەشی دووەم:**

تەوەری یەکەم: کەرەستە بیناسازی ئەندامیەکان.

تەوەری دووەم: کەرەستە نا ئەندامیەکان.

**بەشی سێیەم:**

تەوەری یەکەم: کەرەستەکانی بیناسازی و کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی بیناسازی،

تەوەری دووەم: کاریگەری جوگرافیا و کەش وهەوا لەسەر تەکنیکی بیناسازی.

## بەشی یەکەم: چاخی بەردینی نوێ ( ١٠,٠٠٠ -٤٩,٠٠٠ پ.ز ) لە کوردستان:

چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق لە میزۆپۆتامیا نوێنەرایەتی گۆڕانکاری نوێ دەکات لە ئابووری مرۆڤدا، ئەویش( کشتوکاڵە)، کە بووە پیشەی سەرەکیی دووای ئەوەی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوە گۆڕا بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک، مرۆڤ فێری کشتوکاڵ بوو، کە یەکێک بوو لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتن و سەقامگیری و خانووی لە قوڕ و مات دروستکرا بەرە بەرە، کە گوندی لێ دروست بوو، کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ماڵ و تاکەکانی لەخۆ گرتبوو، کە نوێنەرایەتی سەقامگیری خانووی هەمیشەییان دەکرد، لە شوێنی سەقامگیری وەرزی نین، دۆڵەکان لە نێوان زنجیرە چیاکانی کوردستان و لە زەوییە شەپۆلاوییەکاندا بڵاوبوونەتەوە کە کەشوهەوایەکی گونجاو و بارانێکی زۆر و ئاژەڵ و ڕووەکی کێوی گونجاو بۆ ماڵیکردن هەبووە ، زۆرێک لە نیشتەجێبوونی کشتوکاڵی لەو ناوچانە لە کەناری ڕووبارەکان و دەمیان بڵاوبوونەتەوە و لە چاو و کانیاو، هەروەها ئاژەڵ و مەڕ و بزن و مانگا و بەراز و جۆرەکانی تری ماڵی دەکرد و بەم شێوەیە دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی خۆراکی خۆی و بوو بە بەشێک لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و باوەڕێکی ئاینی، کەرەستەی بەردی جۆراوجۆر هەبوون، لەوانە تەقەمەنی بەرد، کەرەستەی کێڵان و چەقۆی ئۆبسیدی، هەروەها دەرزی و دریل و کەوچک و زەڕەنگەرییان لە ئێسک دروست دەکرد[١] .

ئەم سەردەمە بە سەردەمی پێشکەوتن وەسف دەکرێت، بەو پێیەی چەندین پێشکەوتنی تەکنیکی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێیدا سەریان هەڵداوە، تەلارسازی یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە نوێیەکان ، بە پێچەوانەی ئەو پەناگە سادەیەی کە پێشووتر دابینیان دەکرد، بەشداری کردووە لە پێکهێنان و دانانی جۆرە نوێیەکانی کۆمەڵگاکان[٢] .

---

[١] شریف، عمر حسن، العمارە في الحصر الحجری الحدیث في بلاد بین النهرین، هەولێر، ٢٠٢٣، ص٢.

[٢] الطلبی، جمعە، العمارە والفن في العراق القدیم، چ ١، بغداد، ٢٠٢٢، ص ١٤.

**چاخی بەردینی نوێ بەسەر دوو قۆناغی بنەڕەتی دابەش کراوە:**

1) **چاخی بەردینی نوێ پێش گۆزەگەری (pre – pottery Neolithc = PPN)**
2) **چاخی بەردینی نوێ دووای گۆزەگەری (pottery Neolethc = PN)**

**١. بیناسازی لە چاخی بەردینی نوێ پێش گۆزەگەری { ٩٠٠٠ – ٧٠٠٠ } پ.ز PPN:**

لەدەورو بەری هەزارەی نۆیەمی پێش زایین، لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی بەردینە نوێیەکان پێش گۆزەکاری، دۆخی نیشتەجێبوون کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هات لە قۆناغی پێشوو، گۆڕانکاری وردە وردە لە پێکهاتەی نیشتەجێبوونەکان و ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیدا ڕوویدا و پێشکەوتنە تەلارسازییەکان دەرکەوتن، نیشتەجێبوونەکان فراوانتر بوون بۆ ١ هێکتار، تەلارسازیش لەم شوێنە نیشتەجێبونانەدا دەرکەوتن بە فراوانکردنی قەبارەی گوندەکان و جێهێشتنی گۆڕەپان لە نێوان بیناکاندا ئەم نیشتەجێبوونانەی دروستکردووە لەگەڵ گۆڕەپانێکی گشتی و بینایەکی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕاستی نیشتەجێبوونەکەدا، دانیشتوانی زۆربەی ئەو نیشتەجێبوونانە بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە ڕاوکردن و کۆکردنەوە بەستبوو ، لەگەڵ ئاماژەیەکی بەرفراوان بۆ چاندنی هەندێک بەروو بووم، هەروەها بەڵگەیماڵیکردنی هەندێک لە ئاژەڵ وەک بەراز و سەگ و بزن، نیشتەجێبوون لە هەندێک شوێن لە قۆناغی پێشووەوە بەردەوام بوو، وەک نەمریک لە باکووری عێراق. کۆمەڵێک نیشتەجێبوونی نوێ لە ناوچەکانی پێشوودا دەرکەوتن، وەکو المغرلیە لە بناری خوارەوەی چیای شنگال، سەبارەت بە تەلارسازی نزیکە بۆ گەشتاندنێک بۆ تەلارسازی شێوە چوارگۆشەی لە شوێنەوارەکانی ئەم سەردەمە، دووای ئەوەی پێشەنگەکانی لە کۆتایەکانی ئەم سەردەمەی پێشوودا لە ناوچەکەدا دەرکەوتن لەم سەردەمەدا شوێنەکانی {المریبط والشیخ حسن والجرف الأحمر} بونەتە تایبەتمەندیەکی دیار لەتەلارسازی نیشتەجێ بووندا، ئەم خانوانە کە پلانی چوارگۆشەی یان نیمچە چوارگۆشەیان هەبووە لە شوێنی نەمریک دردەدەکەوێت[١] .

وەک ئاشکرایە چاخی بەردینی نوێ لە میزۆپۆتامیا دەکەوێتە ئەو نیشتەجێ بوونانەی کە کەوتوونەتە باکوری میزۆپۆتامیا کە کوردستان ( باکور – باشوور – ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا )ی نەخشەی میزۆپۆتامیا دەگرێتەوە، لە بشوری میزۆپۆتامیا کە ئێستا باوری عێراقە وە باشوری ئێرانە، واتە کوردستان لانکەی شارستانیەتە وە بەهۆی زۆری ئەو گوندە کشتوکاڵیانەی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستان بە پێویستیمان زانی کە تەنهاا کوردستانی عێراق وەربگرین کە

---

[١] الطلبی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٩-٤٧.

بەشێکی گرنگی مێژووی چاخەکانی پێش مێژوو و مێژووی خاکی میزۆپۆتامیا دەگرێتە خۆ، ناوچەی دۆڵ و دەشتی نزیک و سەرچاوە ئاویەکان شوێنی لەبار بوون بۆ نیشتەجێبوونی و کشتوکاڵی و بەخێووکردنی ئاژاڵ وە بەرهەم هێنانی خۆراک لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان وەک گەنم و جۆ و پاقلە و بازالیا ......هتد، گەشە پێدانی بەرهەمە ئاژاڵیەکان وەک شیر و گۆشت و پێستە ......هتد، تا وەکو ئەم ژیانە نوێیە مرۆڤی کرد بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و باوەڕدارێکی پەیوەست بە دیاردەی سرووشتی بەشێوەیەک کەرەستەی ناو ماڵ وەکو چەقۆ و ملاک و دەرزی لە بەرد و ئێسک درووست دەکرد وە لە هەمان کاتدا پەیکەری بۆ دیاردە سرووشتیەکان دەتاشی[١] .

### ٢. چاخی بەردینی نوێ دووای گۆزەگەری { ٦٠٠٠ - ٥٠٠٠ }پ.ز PN:

نیشتەجێبوون لە سەردەمی بەردینی نوێیەکانی دووای گۆزەگەری، بەشێکی زۆری باکوور و ناوەڕاستی میزۆپۆتامیایان داگیرکردبوو، ناوچە نوێیەکانی نیشتەجێبوون کە لە سەردەمەکانی پێشوودا داگیرنەکرابوون، نیشتەجێبوونی نوێی تێدا دەرکەوت، دامێنی گردەکان و دەشتەکانی نزیکیان داگیرکرد، وەک شنگال دۆڵی لە باکووری عێراق، وا دیارە خەڵکی شاخ بەرەو ناوچە دەشتییەکان هەنگاویان ناوە و دەستیان بە پرۆسەی وەبەرهێنانی چڕوپڕ کرد لە زەوییە بەپیتەکان کرد، ئەم نیشتەجێبوونانە لە سەرەتادا قەبارەیان بچووک بوو، ڕووبەریان لە یەک هێکتار زیاتر نەبوو، بە تێپەڕبوونی کات فراوانتر بوون بۆ دوو هێکتار یان زیاتر . دانیشتوانی ئەم نیشتەجێبوونانە پشتیان بە سیستەمێکی ئابووری هەمەچەشن بەستبوو کە بنەماکەی کشتوکاڵ بوو، هەروەها لەوەڕاندنی ئاژەڵەماڵیەکان و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان . ئەم سەردەمە بە سەرهەڵدانی پیشەسازییەکانی گۆزە تایبەتمەند بوو، کە شاهیدی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی جۆر و تەکنیکە جیاوازەکان بوو. وا ئەبینرێ بەرهەمهێنانی گۆزە زیاتر پەیوەندی بە نیشتەجێبوون و کشتوکاڵەوە هەبووە[٢].

تەلارسازی دیواری ڕاست و چوارگۆشە و لاکێشە لەو سەردەمدا باو بوو، بەردەوام بوو، کەرەستەی بیناسازی زیاتر خشتی درێژ و لولەی تێکەڵ بە کابوو و خانووەکان چوارگۆشەی لەخۆگرتبوو کە ژوورێک یان چەند ژوورێکیان هەبوو، لەناو ئەم خانووە چوارگۆشە و

[١] یوخنا، دوونی جورج، عماره الالف السداس قبل اعيلاد في ضوء التنقيبات الثاريه في تل صوان، ڕیسالە ماجستير غير منشوره، كليه ئاداب، شعبه الاثار، جامعه بغداد، ١٩٨٦، ص ٥–٩ .

[٢] الطلبی، سەرچاوەی پیشوو، ٢٠٢٢، لا ٥٨- ٥٩ .

لاکێشەیانەدا کەلوپەلی ناوماڵیان هەبووە لە دار و سۆپای ئاگر، شوێنی هەڵگرتن یان کۆگای داخراو وەکو شوێنی ام الدباغیه[١] .

وا دیارە ئەم خانووانە خێزانێکی بچووک (دایک و باوک و منداڵەکانیان) ئەو بناغەیەی کە کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمە و سەردەمەکانی پێشووتر لەسەری بنیاتنراون بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتی حەسونە و سامەڕا دا زیادبوونی ڕوونی تەلارسازی ئاڵۆز دەبینرێ، بە تایبەت لە شوێنگەکانی حەسونە و یاریم تەپە[٢] .

خانووەکانی نیشتەجێبوون یان هەبووبێت، خانوەکانی تل صوان لە شێوەی پیتی T بوون وە بە چواردەوری نیشینگەکاندا شورا هەبووە، کە ڕەنگە سروشتی بەرگریکردنیان هەبووبێت[٣] .

لەگەڵ دەرکەوتنی پاڵپشتی دیوار بۆ ئەو خانووانەی کە لە خشتی گڵی وشککراوەی خۆر دروستکراون، هەروەها تایبەتمەندییەکی نوێی تەلارسازی دەرکەوت، کە بە چاڵەکانی بناغە دەناسێن، ڕەنگە بۆ نیشتەجێکردن یان هەڵگرتن، هەروەها بینای بازنەیی باو بوو، بە تایبەت لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا، بە تایبەتی لە دۆر شارستانیەتی حەلەف، کە بیناکانی ناسراو بە (تولوی) تێیدا دەرکەوتن، بە شێوەیەکی نەریتی یەک لە دوای یەک شارستانیەتەکانی پێش مێژوو لە میزۆپۆتامیای سەرەوە لەم سەردەمەدا بەپێی ڕیزبەندی پەسەندکراو ی سێ لایەنی شارستان کلاسیک، حەسونە و سامەڕا و حەلەف و ئەو جێنشینییەک کە لە سەدەی ڕابردوودا دامەزراوە و تا ئەمڕۆش کاری پێدەکرێت[٤] .

---

(١) ام الدباغیە: شوێنێکی شوێنەوارییە لە دامێنی چیای شنگال، ڕۆژئاوای شاری الحضر لە باکووری ڕۆژئاوای عێراق، شێوەی گردێکە و ڕووبەرەکەی ١٠٠×٨٠م و بەرزییەکەی ٤م دەبێت، لە ناوی ئەم شوێنەشەوە ناوی کولتوری ئوم الدەباغیە هاتە ئاراوە کە نوێنەرایەتی قۆناغێکی کاتیی کولتووری دەکات، الشیخ، عادل عبدلله، بک الزراعه ولی القری فی العرا ، کلیه ئاداب، قسم اثار، جمعة بغداد، ١٩٨٥، ص ٧ - ١٩ .

(٢) تل اصوان: شوێنێکی شوێنەوارییە لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە ، باشووری سامەڕا لە پارێزگای سەلاحەدین لە ناوەڕاستی عێراق ، ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢.٤ م هێکتارە و ڕەهەندەکانی ١١٠×٢٢٠م ، هەڵکۆڵینەکان لەو شوێنەدا لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد ، بە تایبەت لە ڕێگەی گەشتەکانەوە، الدلیمي، کریم عزیز حسن، الزراعة فی العراق القدیم، کلیه الاداب، جمعة بغداد، ١٩٩٦، ص٢٠-٢٤ .

(٣) یوخنا، سەرچاوەی پیشوو، ١٩٨٦، لا ١٠ -١١ .

(٤) الطلبی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٢، لا ٥٩ .

## تەوەری یەکەم: گرنگتری شوێنە شوێنەواریەکانی چاخی بەردینی نوێ لە کوردستانی عێراق :

یەکیک لەو ڕێگا گرنگانەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا پشتی پی دەبەستریێت بۆ ساغکردنەوەی مێژووی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغەکانی پێش مێژوو بریتیە لە پشت بە ستن بە بەرئەنجامی هەڵکۆلین و پشکنینە شوێنەواریەکان دەرئەنجامیێ ئەم جۆرە کارانە توانیویەتی پەی بە زۆر لایەنی نهێنی ژیانی مرۆڤ ببریت ئەگەر تەماشایی مێژووی ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکەین دەبینی بەهۆیی هەڵکولینە شوێنەواریەکانەوە زۆر دەستکەوتی شوێنەواری گرنگ بە دەست هاتوون کە یەکیک لە و دەسکەوتانەی هەڵدانەوەی مێژوویی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە[١] .

- **گوندی بێستان سوور:**

ئەم گردە شوێنەواریە دەکەویتە باشوری گوندی بیستان سور لە بەشی ڕۆژئاوایی دەشتی شارەزوور 33 کم باشوری ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی بەرزی ئەم گردە نزیکەی550 م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوەیە وە تیرەی گردەکە نزیکەی 80 م دەبیت، تایبەتمەندی ئەم ناوچەیە یەکیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی نیشتەجێبوون بە درێژایی قۆناغی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی و سەردەمەکانی دیکەی وەک ئاشوری نوێ و ساسانی کە بە گشتی ئەو چینە نیشتەجی بوانە بوونەتەپیک هێنەری شێوەی ئێستایی گردەکە [٢]، ئەم گردە بۆ یەکەم جار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێەواری عێراقەوە لە ساڵی 1947 لە ڕێبەری شوێنەوارکانی عێڕاقدا وەک گردێکی شوێنەواری تۆمار دەکرێت، پاشان بەپێی نوێترین ڕوپێوی شوێنەواری کە لەلایەن تیمێکی ئەڵمانیەوە ئەنجام دراوە وە پشت ڕاستی ئەوە دەکەنەوە کەوە گردێکی شوێنەواریە و مێژووە کەی بۆ چاخی بەردینی نوێ دوا بە دوایی ئەم ڕوپێویە شوێنەواریە لە نیوان ساڵی 2011 - 2012 تیمێکی بەڕیتانی سەر بە زانکۆیی ڕیدینگ بەسەرپەرشتی ڕۆجەر ماتیۆس و خێزانەکەی ویندی ماتیۆس سەردانی ئەم گردەشوێنەواریە دەکەن سهرەتا بە گەڕانێک بەسەر گردەکداو ناوچەکانی دەوروبەریدا

---

(١) تــوێــژەر.

(٢) Mathews, R., and Others, C.Z.A.P, http://www.czap. org/bestansur , assumed , 20/6/2020 .

دەستت پێ دەكات و لە ڕێگایی دۆزینـەوەی كۆمەڵێـك لە ئامێـری بەردی دروست كراو لە بەردە دەستی و بەردی ئۆبسیدیان بە گوێرەی تایبەتمەندی ئەو ئامێرە بـەردیانەوە[١]،

لە ماوەی كاركردنی تیمی شوێنـەواری بـەریتانی لە گردی بیسـتان سوردا لە چوارچێوەی وەرزەكانی كاركردنیـان توانیـان بـە لێدانی كۆیی ئەو چاڵە شوێنەواریانـەی لەسـەر ڕووی گردەكە و ناوچـەكانی دەوروبـەری وێنـەیـەكی ڕوونی لایـەنی بیناسـازیمان نیشـان بدەن تـەواوی دیواری خانوەكان لە دیواری ڕاست و ڕیـك پێكهاتبـوون وە شێووەی ژوورەكان قـەبارە بچوكی چوار گۆشـەیی و لاكیشـەیی بوون بە هەمان تایبـەتمەندی خانوەكانی قۆناغی چاخی بەردینی نوێ . گوندی چـەرمۆیان لـە ئـەنجامی كاركردنی بـەردەوامی تیمەكە هـەیـە گەشتونەتە كۆمەڵێك دەستكەوتی بیناسازی وە باشترین نمونـە لە چاڵی ژمارە 10 بە دەست هـاتووە كە زۆربەی بنەمـا و توخمـە بیناسـازییەكانی تیدا بەرجەسـتە بووە . لە دووایـن توێژینەوەكانی پشـت بەسـتن بە هەڵكۆڵینی شـوێنەواری ئەوە دەسـەلمێنێت كە بۆ یەكەم جـار كشـتووكاڵ لەو گوندەوە دەسـتی پێ كردووە واتە پێش گونـدی چەرمۆ دەكەوێت لە مـاوەی 7700پ.ز[٢] .

- **گوندی چـەرمۆ:**

گوندی چەرمۆ بە نزیكەی یازدە 11 كلم لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچكەی چەمچەماڵەوە یە، 35 كلم لە ڕۆژهەڵاتی شاری كەركوكەوە دوورە، وێرانەكانی ئەو گوندە دێرینە دۆزرایەوە ڕووبەركەی مامناوەندی1400 م٢ و بەرزبووەتەوە لە ئاستی دەشتی تەنیشـتەوە بە نزیكەی5 م ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق دەست نیشان كراوە، شوێنەوارە دێرینەكانی عێراق لە ساڵی 1940ی زایینی، پاشـان میسـیۆنێكی شوێنەوارناسـی لە زانكۆی شـیكاگۆ، ئینسـتیتیوتی ڕۆژهەڵاتی، لە ساڵی1948 ی زایینی دەستی بە هەڵكەنـدنی كرد، بە سـەرۆكایەتی پرۆفیسـۆر ڕۆبەرت برایدوود { Braidud }، هەڵكۆڵینەكان تـا سـاڵی1955ی زایینی بەردەوام بـوون، شوێنی گوندی چەرمۆ لە شانزە 16 چینی نیشتەجێبوون پێكهاتووە لە گردەكەدا ، دەفری گۆزە

---

(١) Mathews, R., and Others, 2012: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, SulaymaniyahProvence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.1.

(٢) هەواس، هەوار نجـم الـدین، وابراهیم ، نعمـان جمعـە، نیشـتەجێبوون لە شـوێنەواری بێسـتان سـوور لەژێر ڕۆشنای پشكنینی شـوێنەوارییە نوێیەكان ، گۆڤاری قەڵای زانس ، بەرگی ٧ ، ژمـارە ٤ ، زانكۆی لبنـانی فەرەنسی ، هەولێر ، ٢٠٢٢ ، لا٤٠٩-٤١٦.

له پێنج 5 چینەکەی سەرەوە دۆزراوەتەوە و سەبارەت بە یازدە 11 چینەکەی خوارەوە، له نێو ئەو گوندە کشتوکاڵییە سەرەتاییانەی وەکو چەرمۆ دەرکەوت کە پاشماوەی بیناکانی گوندەکە بەپێی پلانێکی چوارگۆشە دروستکراون، خانوەکان بە کۆڵەگە دروستکراون لەسەر بناغەی بەرد، دیوارەکان بە چینێکی قوڕ ڕوپۆش کرابوون وە ژورەکانی شێوەیان چوارگۆشەیە، هەروەها پانترین ژوور کە لە گوندەکەدا دۆزراوەتەوە ڕەهەندەکانی2,2 × 5,6 م٢ بووە، هەروەها خانووەکان چەندین ژووری بچووکی تێدابووە کە ڕووبەری1,5×2 م٢ بووە، پێدەچێت لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە وەک ژووری عەمبارکردن بەکارهێنراون، پێدەچێت کە پرۆسەی سەقفکردنی بیناکان شێوەی گەیبڵی وەرگرتووە و بە بەکارهێنانی کانی یان لق ئەنجامدراوە، ئەو دارانەی کە بە چینێکی ئەستوور داپۆشراون ، خەڵکی چەرمۆ لە دروستکردنی ئامێرەکانی لە بەرد و گڵێنە دا سەرکەوتوو بوون چەندین ئامرازی پەیوەست بە کاری کشتوکاڵی دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە گەیشتووەتە قۆناغی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، کەرەستەی بەردەکان زیاتر لە بەردی ئۆبسیدیەن دروستکراون کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە لە دەریاچەی وانەوە هاوردە دەکران، پێکهاتەی ئامێرە تیغەکانی لێی دروست دەکرا، وەک چەقۆ و داس بە قیر بە دەسکە دارەکانەوە بەسترابوو، جگە لە ئامێرەکانی وەک تۆبزی و وردکەری بەرد و کەوچکیش لە بەرد دروست دەکرا و دووای ئەویش بەشێک لەو کەل و پەلانەی لە قوڕ و داری زەل دروست کردووە وەکو سەبەتە و دەرگا و پەرزونگی پرژاندنی دانەوێڵە[1] .

[1] هەواس، هەوار نجم الدین، العصر الحجری الحدیث المبکر في أواسط زاگرۆس، ڕیسالە ماجستیر، قاهیرە، ٢٠١٥، لا ٢٨-٣٠.

## تـەوەری دووەم: ژیـان و ژیـار لەسەردمی چاخی بەردینی نویٚ:

### ١. ژیانی ڕەوەندی و ڕاوکردن:

لە سـەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاست بۆ چاخی بـەردینی نـویٚ گۆرانگاری گەورە لە ژیانی مرۆڤدا ڕووی داوە، مرۆڤ لە پێناو دۆزینەوەی پـەناگەیەک هەوڵیداوە شوێنێک بۆ خـۆی بدۆریتەو، بـۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر ئەشکەوتەکان بـۆ خۆ پاراستنی لـە هۆکاری سروشتی وەک ) با و باران و لافا و بـەفر ..... هتد و (ئاژڵـی دڕندە، ئەشکەوتەکان بە هۆکاری جیۆلۆجی دروست بوون هەر لەو سـەردەمەدا مرۆڤەکان پـەنایان نـە بردووە بـۆ شـوێنـە قوڵەکان لە بەر ئەوەی بە ئاسانی دەرباز نەدە بوون لە حاڵەتی ڕمـان، ئەو ئەشکەوتانـەش کە ئـەچوونە نـاوی بەرامبـەر بـە تیشکی خـۆر بوو وەک ئەشکەوەتی شـانـەدەر ، ئـەم مـاوەیەش پێـی ووتـراوە ماوەی جێگیربوونی سروشتی(فترە الستیطان طبیعي)،

ئەمەش لە قۆناغی سـەرەتایدا بووە بـۆ ئـەوەی لە شـوێنیک بمینێنەوە، هەندێک بیرورا هەیە کـە ئـەڵێن مـرۆڤ سـەرەتا بەرێکەوت چۆتە ناو ئەشکـەوتەکانەوە لەبەر ئـەوەی بەردەوام بـە دوای خۆراکدا گـەڕاوە، ئەشکەوتەکانیش شـوێنی خۆشـاردنەوەی ئاژاڵەکان بـووە، لـەم سـەردەمەدا مـرۆڤ بژێوی ژیانی لەسـەر(کۆکردنەوەیی خـۆراک بـووە وەک ڕووەکـی سروشـتی ( و ) ڕاوکردنی ئاژەڵ) لە پاشان گۆرانکاری سروشتی وای لە مرۆڤەکان کردووە کە ئەشـکەوتەکان بەجیٚ بهێڵن وبچنە دەشـتەکانی دامێنی ئەشکەوتەکان نزیک کـەنـاری ئاوەکـان نیشـتـەجیٚ بن نموونەش وەک (بەردبەلکە ( و ) کریم شهر ( و ) ملفعات ( و ) زاوی چمی) لیرەشدا بەشیوەی کاتی نیشتەجی بووە واتە لـە زستاندا لە ئەشکەوتەکان و لە هاویندا لـە دامینی ئەشکـەوتەکاندا بووە وە خانوی بازنەی بەشێوەی کوخە درووسـت کردووە ، ماڵـی کردنی ئاژاڵ لە قۆنـاغی سـەرەتایدا قورس بووە هەروەهـا مـالی کردنیشـی سودی هەبووە بـۆ لایەنی ئـابووری و کـاریگەری کـردە سـەر شـێوازی پڕکـردنەوەو پەرەپێدانی کەرەسـتەی بیناسـازی، جگە لە کاریگەری ئابووری سودیان لە شیر و بەرهەمەکانی و گوشـت و خوری و پیستـەکەی بینیـوە بۆ دروست کردنی کەل و پەل و جل و بەرگ و کەرەستەی ناو ماڵ وە بۆیـە ماڵـی کردنی ئەو ئاژەڵانە قورس بووە چونکە لە سروشـتـەکی جیـاواز ژیـاون . یەکەم ئاژالیش کە مـاڵی کـراوە سـەگ بووە زۆر جار بۆ ڕاوکردن و چاودێری کردن بـە کار هێنراوە، لە پاشان مەڕ و بزن و بەراز و مانگ (یان مـالی کـردووە وە پاشـماوەی ئەم ئـاژڵانەش لە هەندێک لە گوندەکانی کوردوستان دۆزراوەتەوە هەروەهـا سـودیان لـی وەرگرتـوون بۆ ئیـش و کـاری کشـتوکاڵی و

گواستنـەوە و چاودێـری کردن وەکوو گوندەکانی) زاوی چەمـی، کـریم شـەهر، گونـدی ملفعات[١] .

- **گوندی زاوی چەمی** ( ٨٩٠٠ _ ٨٨٠٠ ) **پ.ز:**

گوندی زاوی دەکەوێتە باشووری ئەشکەوتی شانیدەر و بە دووری 4 کم لە دامێنی چیای برادۆست لە ناوچەی ڕەواندوزی سەر بە پارێزگای هەولێر و دەڕوانێتـە کەناری ڕووباری زابی سەرەوە، ڕووبەری شوێنەکە نزیکەی 275 کەسە 215 x م .ئەو هەڵکەندن و هەڵکۆڵینە تاقیکاریانەی کە لە گوندەکەدا ئەنجامدراون دەریانخستووە کە لە دوو نهۆمی ڕۆشنبیری پێکهاتووە، قووڵی وێرانە و چینە شوێنەوارییەکان لە نێوان ١-٢ مەتردایە ، زاوی جامی بە یەکێک لە کۆنترین شوێنەوارە کشتوکاڵییەکانی کوردستانی عێراق دادەنرێت، لە ناو بناری چیای زاگرۆس، کە نیشانەکانی گواستنەوە لە سەردەمی بەردینی کۆنەوە بۆ سەردەمی بەردینە نوێیەکان تێیدا ڕوویانداوە، زاوی جامی نوێنەرایەتی یەکەم وێستگە دەکات کە تێیدا نیشانەکانی سەرهەڵدانی مرۆڤ لە ئەشکەوت و نیشتەجێبوون لە زەوییە دەشتییەکان دەستیپێکرد، بۆیە زاوی جامی گوندێکی ڕێکخراوە، سەرەتای سەرهەڵدانی سەقامگیری بوو، وەک چۆن مرۆڤ بیرۆکەی دروستکردنی خانووی سادە فێربوو وە سەرەتاییبوون، سەرەڕای نەبوونی ئەزموونی لە بواری بیناسازیدا لەو قۆناغەدا [٢].

---

[١] تـوێـژەر.

[٢] محمد، خانه اكرم، عمارة البيوت الدائرية في العراق القديم في ضوء المكتشفات المعماريه، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد ٨٥، ٢٠٢٣، ص ٥٦٨.

- **گوندی کریم شەهر { ٨٩٠٠ - ٨٨٠٠ }پ.ز:**

گوندی کەریم شەهر دەکەوێتە ناوچەیەکی کراوە و نیمچە دەشت لە پارێزگای سلێمانی و بە دووری ١١ کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ و نزیکەی ٢کم لە چەرمۆوە دوورە، لە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن میسیۆنێکی شوێنەواریی زانکۆی شیکاگۆوە هەڵکەندراوە، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گوندی کەریم شهر هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئابووری لە بواری کشتوکاڵی ئەزموونی وماڵیکردنی ئاژەڵدا هەبووە، لە کاتی هەڵکەندنی شوێنەوارناسیدا کەرەستەی کشتوکاڵی بەرد دۆزراوەتەوە، جگە لە پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵە جیاوازەکان، وەک بزن و بەراز و باڵندە و پاشماوەی خانووەکان دۆزرایەوە کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە شوێنێک بوون کە نوێنەرایەتی کەمپێکی وەرزی دەکەن ئەم قۆناغە نوێنەرایەتی سەرەتای زانیاری مرۆڤ دەکات لەسەر دروستکردنی خانوو، دەرکەوت کە ئەم خانووانە لە شێوەی چاڵە بازنەییەکان بوون و بە پێی بۆچوونی هەڵکەندنەکان ئەگەری بەکارهێنانی چاڵەکان بۆ مەبەستی عەمبارکردن ڕەتکرایەوە ، لەکاتێکدا هەندێک پارچەی بەرد دۆزرایەوە، بەڵام پێدەچێت ئەوان جۆرێک بوو لە بناغە بۆ کوخەکانی نیشتەجێبوون، بەڵام ڕوونی نەبوونی تایبەتمەندییە تەلارسازییەکان و پلانی بیناسازی وایکرد کە هەڵکەندنەکان شوێنەکە بە نیشتەجێبوونی وەرزی بزانن، هەروەها کۆمەڵە ئامێرە جۆراوجۆرەکانیش لە شوێنەکەدا دۆزراونەتەوە، کە بۆ مەبەستی دیکۆرات بەکارهێنراون بۆ ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت کە دانیشتوانی گوندەکە دەستیان کردووە بە هەستیاربوون و ئارەزووی دەرکەوتنی جوانکاری[١] .

---

[١] محمد، هەمان سەرچاوەی پیشوو، ٢٠٢٣، لا ٥٦٩.

**٢. دۆزینەوەی کشتوکاڵ ونیشتەجێ بوون:**

عێراق وولاتێکی کشتوکاڵییـە وە ئـەوەش یارمەتی کشـتوکاڵی داوە بە پیتی خاکە کەیەوە بوونی ئاو و هـەوای گونجاو بـۆ کشـتوکاڵ کە بووە هـۆی زۆر بوونی بەرهـەمی کشـتوکاڵی ئەمانەش بووە هـۆی نیشتەجـێ بوونی مرۆڤ لـەم ناوچەیە دا وە بووە هـۆی سـەرهـەڵدانی شارستانیەکی گەورە و ناسـراو لـە جیهـاندا، وە زانایانـی شوێنـەوار و مـێژوو نووسـەکان وای دادەنین کە بـەیەکیکە لە سامانە جیاکەرەوەکان لە نێوان چاخی بـەردینی کـۆن و چاخی بـەردینی نـوێ، لە ئـەنجامی ئـەو پاشـماوانەی کە مـرۆڤ بە جێـی هیشـتووە لــە عێـراقدا سـەرەرای شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی کۆن لە ڕۆژهەلاتی خواروو بەلگەن لـەسەر پەیدا بـوونی کشـتوکال لــە هــەزارەی حـەوتەم و هـەشتـەمی پێـش زاینی، بـە شـێوەیـەکی تـەواو نازانرێـت مـرۆڤ چـۆن فـێری کشـتوکاڵ بـووە لـەوانـەیە بـە شـێوەی ڕێکـەوت بـوو بیت کەوا دادەنرێت ئافرەت هۆکاری سـەرهـەڵدانی بووە کوردستانیش یەکیک بـووە لـەو ناوچانـەی کە لەسـەرەتادا کشتوکاڵی تێدا کراوە هـەروەها کشتوکاڵ لە قۆناغەکانی یەکـەمیدا زۆر سـەرەتایی بووە بە شـێوەیەکی جێ گۆرکێ بـووە واتـە لـە شوێنـێکەوە دەچوون بـۆ شوێنـێکی تر ئەو زەوییەیـان بەجێ دەهێشـت وە تـەنـها پشـتیان بـە پیتی و سروشـتی زەوییە کە دەبەسـت وە شێـوازی دەسـتکردیان نـە دەزانـی یـاخود بـەو شـێوازەی کە زەوییەکە بە جێ بهێڵـن بـۆ مـاوەیەک بـۆ گـەڕانـەوەی بـە پیتی زەوییەکە لە شوێنێکـەوە دەچوون بـۆ شوێنـێکی تـر بـۆ زەویە بە پیتەکان وە مرۆڤ لەو سەردەمەدا پشتی بە ئاوی باران دەبـەست لـە پـێش نـەوەی ئـاوی ڕووبارەکان بـە کار بهێنـێت لـەڕێگەی ئاودـێری دەسـتکردەوە ، بـەرهـەمی کشـتوکاڵی تـەنـها بـەشی پێداویستی خێزانی دەکرد لـەسەرەتادا چـەنـد جـۆرە دانـەوێڵـەیـەکیان دەچـاند وەک گـەنم و جـۆ و نیسـک و نـۆک و مـاش، هـەروەها هەنێـک ڕووەکیـان دە چانـد کە بـۆ پیشەسازی دەبوو . لە چاخی بـەردینی کانزایـی شارسـتانیەتی مرۆڤ گۆڕانکـاری گـەورەیی بەخۆوە بینی شێوازی ئاودێری دەستکرد فێربوو، توانی سوود لە ئـاوی لافاو  وەربگرێـت وە دەسـتی بــەسەردا بگریـت وە لـــە نزیـک ڕووبارەکـان نیشـتەجێ بـێت وەک دەشتــەکانی باشووری عیراق، لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنەدا وای لێ هات مرۆڤ لە پێویستی خۆی زیاتر بـەرهــەم بهێنـێت هــەندێ لــە جووتیارەکـان تایبــەت بـوون بــە دروسـت کردنـی ئامێـری سـەرەتایی کشـتوکاڵ وە هـەندێکی تریان بە دروسـتکردنی قاپی گڵێـنە و چنینــەوە خـەریـک بوون بەمەش بووە هـۆی گـەشەکردنی بازرگانی وە لـە ئەنجامی زۆربوونی بـەرهـەم تایبـەت

مــەندی دەرکەوت لــە کارکردنـدا ، بــەم شــێوە بــە کشـتوکاڵ بـووە هــۆی گەشــەکردن و پێشکەوتنی بازرگانی و پیشـەسازی کە شارستانی عێراقی کۆنی لەسەر دامەزراوە[١] .

- **گوندی مەطارە { ٦٦٠٠ - ٥٥٠٠ } پ.ز:**

بەیەکێک لـە نشینگـە کشتوکالیـەکان کە دەکەوێتـە دووری (٣ کم) لـە باشووری کەرکوک و (٤کم) دوورە لە ڕۆژئاوای گوندی (مطارە) وە مێژووەکەی هاوکاتە لەگەڵ گوندی حسونـە و ٦ شەش چینی شـوێنـەواری لێ دۆزراوەتەوە، لە چینی ژێـرەوەی پاشماوەی خانووی شێـوە بازنــە دۆزراوەتەوە بــەڵام لــە چینــەکانی ســەرەوەی پاشـماوەی خـانووی شێـوە لاکێـشەی دۆزراوەتەوە کە(الطـوف و الطین و اللـبن) یـان بەکارهێـناوە بـۆ دروسـتکردنی خانووەکـان و ڕووی خانووەکان بۆ هـەر چـوار ئـاڕاستـە بــووە[٢]

- **یارم تەپە:**

شوێنەکە دەکەوێتە10کم باشووری ڕۆژئاوای شاری تەل عەفەر، ڕەنگە ئەم شـوێنە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی بێت لە ڕۆژهەڵاتی نزیک، شوێنەکە کۆمەڵێک گردی جیاواز لەخۆدەگرێت، لە گردی دووەمدا نۆ نهۆمی نیشتەجێبوون دۆزرایەوە، هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین نوێ ، لەگەڵ دۆزینەوەی یەکەکانی بیناسازی، شێوەی بازنەی، شـوێنەکە نۆ چینە بیناسازی لەخۆدەگرێت کە قووڵییەکەی هەشت مەتر دەبێت، هەڵکەندنی درێژخـایەنی یەکەکانی بیناسازی لە پلانەکانیاندا و شێوازی دروستکردنی بیناکانی گوندی الأربجیە دەرکەوت ، شێوەی گشتی بیناکان ڕاست و بە شێوەی بازنەیی و فرەگۆشـە) چوارگۆشـە و لاکێشە (، بینا بازنەییەکان پێکهاتەیەکی ناوەندی و بازنەیی و تێکڕای تیرەکانی لە نێوان (٣-٤)م دایە، بە هاوپێچی چوارگۆشە یان بازنەیی قەبارە بچووک دەورە دراوە بیناکان دەڕوخێن، تەنها ئەوەی لێیان دەمێنێتەوە، چەند بەشێک، بەرزییان لە نێوان( ٢٠-٨٠) سم، هەندێک لە بینا بازنەییەکان پشتگیرییان بۆ دابینکراوە بۆ بەهێزکردنیان[٣] .

---

(١) تــوێــژەر.

(٢) محمد، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٣، لا ٥٧٠.

(٣) الشیخ، سەرچاوەی پیشوو، ١٩٨٥، لا ٧-١٩.

- **گوندی شمشارە (٧٤٥٠- ٧٠٠٠ )پ.ز:**

گردی شمشارە دەکەویتە لای راستی رووباری زێی بچوک ٨ کم باشوری روژهەلاتی شاری ڕانیە، ٥ کم لە روژئاوایی دەربەندی ڕامکانەوە دوورە، لە رووی پیکهاتەوە گردیکی شێوە بازنەییە و بەرزە بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی ١٩م لە ئاست زەوییەکانی دەوروبەری و دریژی نزیکەی ٦٠م دەبیت لە لای باشوری گردەکەوە دریژییەکەیی ١٣م دەبیت بەگشتی دریژی گردەکە ٣٢٠م دەبێت، بۆ یەکەم جار لە ٢٠/٢/١٩٥٠ ز لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێڕاقەوە شمشارە وەک گردیکی شوێنەواری لە ڕێبەری شوێنەوارەکانی عیراقدا تۆمار دەکرێت و سەردەمە مێژووییەکەی بەشێوەیەکی سەرەتایی دیاری دەکریت دواتر بە هۆیی دروست کردنی بەنداوی دوکانەوە کە بەر ئەنجامی کۆبونەوەی ئاوی بەنداوەکە کەوایی دەکرد کۆمەڵێک لەگردە شوێنەواری و ناوچەشوینە وارییەکانی دەشتی بتوێن لە ڕانیە لە نێویاندا گردی شمشارە ژێر ئاو کەوت هەر بۆیە کاری کنە و پشکنینی رزگارکردنی شوێنەوارەکە لە سالی ١٩٧٠ لە لایەن تیمێکی دانیمارکیەوە بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر(ئینگهۆلت و لاسۆ) دەستی کاری کنە و پشکنین لەسەر رووی گردەکە دەستی پێکرد، بەرئەنجامی کاری تیمە دانیمارکیە کە توانرا چەند چینێکی شوێنەواری و نیشتەجێبوون دیاری بکریت و بدۆزریتەوە، چینە شوێنەوارییەکان بە دیاری کراوی لە ١٦چین پێک هاتبوون لە سەرەوە بۆ خوارەوە چینەکانی (١-٣) دەگەرێنەوە بۆ سە ردەمی ئیسلامی سەدەیی( ١٢-١٤)ی زاینی هەروەها چینەکانی (٤-٨) دەگەریتەوە بۆ سەردەمی خوریەکان و ئاشوری کۆن کەلەم چینانەیدا هەندێک تابلێت دۆزرانەوە کە بە پێی نوسینەکانیان هاوتانە لەگەڵ سەردەمی ئاشوری کۆن، هەرچی چینەکانی (٩-١٦) یە بەگشتی دەگەرینەوە بۆ قوناغەکانی پێش مێژوو بە پشت بە ستن بە تایبەتمەندی ئەو ئامێرە بەردیانەی کە دۆزرانەوە لەم چینانەدا و نەبوونی هیچ جۆرە پارچەیەکی گلێنە پێ دەچێت مێژووی چینەکانی (١٤-١٦) بگەرێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گلێنە سازی هاوشێوە و هاوزەمەنی قوناغی پێش گلێنەسازی چەرمۆن وەچینەکانی (٩-١٣) بە گوێرەی تایبەتمەندی ئەو گلێنانەی کەلەم چیناندا دۆزرانەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمەکانی حسونە و سامەڕا، دوا بە دوایی ماوەیەکی زۆر و دوایی دابەزینی ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا ریگەی ئاسان کرد بۆ تیمە بیانەکان جارێکی دیکە بتوانن هەڵکۆڵین لەم گرد ئەنجام بدەن هەر بۆیە سالی ٢٠١٢ ز تیمێکی شوێنەواری بەریتانی سەربە زانکۆیی ڕیدینگ بە سەرپەرشتی رۆجەر ماتیۆس و خێزانەکەی وێندی ماتیۆس کاری کنە و پشکنینی دەست پێکردەوە لەگردەکە هەر وەک تیمە شوێنەواریەکە ئاماژەیان بۆ کردووە هۆکاری دەست نیشانکردنی ئەم گردە شوینەوارییە دەگەڕیتەوە بۆ چینی شوێنەواری

تایبەت بە چاخی بەردینی نوێ کە مەبەستی سەرەکی کاری ئەو تیمە شوێنەوارییە بووە لە کوردستان ناوچەکانی ناوەندی زاگروس بە گشتی هەروەها هەڵکەوتە شوێنەواریەکە کەوتۆتە دەشتی ڕانیە وە کە دووەمین دەشتی بەپیتە لە هەریمی کوردستان لە دوایی دەشتی شارەزورەوە وە لە لایەکی ترەوە تیمە کە مەبەستیان بوو کە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم گردە شوێنەوارییە بەراورد بکەن لەگەڵ شوێنەواری بێستان سوور و لەو ڕێگایەوە جیاوازیەکانی ئەمم دوو شوێنەوارە لە رووی ژینگەیی و کۆمەلایەتیەوە نیشان بدەن لە چاخی بە ردینی نوێ دا ، هاوینی ٢٠٢٠ تیمی بەریتانی دەستیان بەکاری کنە و پشکنین کرد لە گردەکە سە رەتایی کارکردنیان لە ڕۆژهەڵاتی گردەکەوە دەستی پێکرد لەو بەشەی کەتوشی داخوران بوو بوو دابەش کرابوو بۆ دوو بەش یەکەمیان بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیان پێ دەوت دریژیەکەیی نزیکەی (٨,٥) دەبوو وەبەشەکەی دیکەیان باکور و باشوریان پێ دەوت درێژیەکەی(٤٠)م دە بوو لە راستیدا لە بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیەکەیدا بەرئەنجامی پشکنینە شوێنەواریەکانی پێشوو کە لە لایەن تیمی شوێنەواری دانیمارکیەکەوە ئەنجام درابوو ئەوەیان نیشان ئەدا کە میژووی ئەم بەشە دەگەڕێتەوە بۆ قوناغە کانی پێش مێژوو بە تایبەت سەردەمی حەسونە بەڵام بە گوێرەی بەرئەنجامی کاری کنە و پشکنینی نوێ و لە ڕێگایی لێکۆڵینەوەی پاشماوەی دانەوێڵەی سوتاو و ئەو ئامێرە بەردیانەی کە لەو بەشەدا دۆزراونەتەوە وایان نیشان ئەدا کە مێژووەکەی بۆ پێش سەردەمی حەسونە و بۆ ساڵی(٧٠٨٠-٧٤٥٠)) پ.ز دەگەڕێتەوە هەرچی ئەو بەشەی باکور و باشور بوو بەرئەنجامی کنە و پشکنینە نوێ یەکان هەر هەمان بەرئەنجامی پشکنینە شوێنەواریەکانی پێشویان پێشان ئەدا کە هاوزەمەنی چینەکانی (١٥-١٦) بوو، سەردەمەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی چاخی بەردینی نوێ[1] .

[1] هەواس، سەرچاوەی پیشوو، لا ٨٦-٨٩.

## بـــەشی دووەم:

### تەوەری یەکەم: کەرەستەی بیناسازی ئەندامی:

کۆمەڵێک کەرەستە لەبواری بیناسازیدا بەکارهاتوون وە تا ئێستا بەکار هاتوون وە بەشێکیان بەوە جیادەکرێنەوە کە توشی شیبونەوە دەبن، بەتایبەتی ئێسک و عاج و چەرم و قوماش و دار، ئەم ماددانە بە بەکارهێنانی بەرفراوان دادەنرێت، جا چ خاو بن یان دروستکراون دوای چاکردنیان گرینگی ئەم کەرەستانە تەنها لە چالاکیی بیناسازیدا نەبوون بەڵکوو لەکاروباری ژیانی ڕۆژانەی هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بەکارهاتووە، هەندێک شارستانیەت وەک مۆبیلیاتی بەکاریان دەهێنا و گومانی تێدا نییە کە فاکتەری کات کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێکچوونەکە هەبووە هەندێکیان وەک ئەوەی ڕەنگیان سووتاوە دەرکەوتووە، هەندێکیان ڕەنگیان گۆڕاوە، هەندێکیان تووشی دڕان بوون هەندێکیان تووشی زیان بوون تێکچوونی و ڕزینی بەهۆی مشەخۆرەکانەوە بووە، تەنانەت لەدووای دۆزینەوەیان لە چاڵەکانی شوێنەواری ڕێوشوێنی تایبەتیان بۆ دەگرێتە بەر.

ئەو شوێنەوارانە دەبێت لەناو چەند سندوقێکی تەواو داخراودا دابنرێن کە بەجۆرێک ڕێکبخرێن کە شێی ڕێژەیی ئەو بەرگە هەوایەی کە تێیدا هەڵگیراون وردە وردە زیاد بکات، بۆ نموونە لە سندوقێکی داخراودا دادەنرێت کە گیراوەیەکی چڕکراوی نیتراتی پۆتاسیۆمی تێدایە لەناو دەفرێکدا بە تایبەتمەندی تایبەت، بەجۆرێک شێی ڕێژەیی ناوەوەی نزیکەی (١٤%) بێت لە پلەی گەرمی ٢١ Cو بۆ ماوەی سێ مانگ بەجێدەهێڵدرێت بە نزیکەیی، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ سندوقێکی دووەم کە گیراوەیەکی چڕکراوی کلۆریدی پۆتاسیۆمی تێدایە[1] .

---

(1) میاطه، التجاني، الطرق العلمية لصيانة المواد الأثرية العضوية، مجلة قبس، المجلد ٦، العدد١، الجامعه الوادى، جزائير، ٢٠٢٢، ص ٣٤ -٣٦ .

- **دار الخشب:**

دۆزینەوەی دار لە هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان زۆر کەم یان سنوورداره چونکە مادەیەکی لاوازه و بەرگەی باروودۆخی کەش وهەوا ناکات، داره مادەییەکە لە زمانی سۆمەریدا بە وشەی (giš) گیش ناسرابوو، لە زمانی ئەکەدیشدا وەک (isu) دەرکەوت، بەشێوەیەکی گشتی دار لە باکوری میزۆپۆتامیا بەردەست بوو بەڵام درێژیان سنوردار بووە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمییە ، پاشاکانی میسۆپۆتامیا لە خوارووی عێراق بەمەبەستی بەدەستهێنانی دارێکی کوالیتی باش ڕوویان لە چەند شوێنێک کرد، لەوانە بازرگانیکردن لەگەڵ ناوەندە بازرگانییەکان ، یان تەنانەت لە ڕێگەی هەڵمەتە سەربازییەکانەوە، بۆیە وەک جۆرێک لە باج بەدەستیان هێناوە، وەک شا گۆدیا پێمان دەڵێت کە لە ڕێگەی بازرگانی و ڕێگەی ئاشتیانە دارەکانی دەستکەوتووە دەڵێت {{ لە چیای ئامانوسەوە، زنجیرە چیای داری سیدار، ئەو (گودیا) داری سیدارێکی شەست و پەنجا باڵی بڕی، درێژی داره بەقەد ٢٥ باڵ بوو، هەموویان بۆ بناغەکانن، بۆیە لە شاخەوە هێناون}} لە کۆتاییدا باس لە دار دەکەین دەتوانین بڵێین تاکە کەرەستەی سروشتی بەسە بۆ دروستکردنی بینایەکی گرنگ، لەبەرامبەردا هیچ کام لە کەرەستەکانی تر بەبێ ئەو بەس نەدەبوون، بەو پێیەی هیچ شوێنێکی بیناسازی بەبێ پێداویستی دار نەیدەتوانی کار بکات، ئەوە ئەو مادەیەیە کە پشتگیرییەکان لێی دروست دەکرێن پێکهاتەیی کە لە سەقفدا بەکاردێت، جگە لە بەکارهێنانی لە دروستکردنی ئیکسسواراتەکانی بیناسازی وەک پەنجەره[١] ، دار یەکێک بووە لە کەرەستەی بیناسازی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە لە سەردەمی بەردینی نوێدا. بۆ دروستکردنی بینای چوارچێوەی دار بەکاردەهێنرا، لەوانە خانوو و پەناگە و پێکهاتەی هەڵگرتن، بۆ دروستکردنی چوارچێوەی بیناکان، پۆست و تیر و تەختەی دار بەکاردەهێنرا و هەندێکجار ئەم پێکهاتانە بە واتڵ و داوب پڕدەکرانەوە، کە کەرەستەیەکی بیناسازی پێکهاتەیی بوو کە بۆ دروستکردنی دیوار بەکاردەهێنرا، لە هەندێک ناوچە، وەک ئەو ناوچانەی کە دارستانی چڕیان تێدایە، تەواوی خانووەکان بە بەکارهێنانی دار دروستکراون[٢] .

---

[١] خلیل، ڕفل محمد-محمد، هبە حازم، مواد البناء في العراق القدیم، گۆڤاری ئەکادیمی زانستی عێراقی، بەرگی هەشتەم، زانکۆی موصل، موصل، ٢٠٢٣، ص ١٨١- ١٨٣ .

[٢] تـــوێـــژەر.

- **ئێسک و عاج:**

